وێنەیەکی تەرجەمە کراوی دەقە عەرەبییەکەیە

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بە ناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق**

**ژمارەی دەرهێنان: ١٤**

**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠٢/٨/١٤**

پشت بە حوکمەکانی برگە (١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەمووارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و، داوای ئەنجومەنی وزەیران و، ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەن لە دانیشتنی نائاسایی ژمارە(٢)ی رۆژی (٢٠٠٢/٨/١٣)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە برگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧پێمانی داوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسای**

**ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٢**

**ماددەی یەکەم:**

تێوەگلان لە تاوانی دەرهەق بە ئافرەتدا، بەبیانووی هۆکاری شەریف، بۆ مەبەستی بەرکارخستنی حوکمەکانی ماددەگەلی(١٢٨، ١٣٠، ١٣١)ی یاسای سزاکانی ژمارە(١١١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٦٩بە پۆزشی(مەعزەرەتی)یاسایی سزا سووک کەر لە قەڵەم نادرێت.

**ماددەی دووەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە(وەقایعی کوردستان)دا، دەخرێتە بەرکار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**

**کوردستان ـ عێراق**